
ڤان شەوقی یاریزانی بادمنتۆنی هەڵبژاردەی عێراقی:

# پێکهێنانی هەڵبژاردەیەکی بادمنتۆنی کوردستان ئاواتی منە



**ڤان شەوقی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی شارۆچکەی عەنکاوەیە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری بادمنتۆن و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە. جگە لە یاریزانی، کاری راهێنەریش دەکات و قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئامانجی زیاتری خزمەتکردنی ئەم یارییە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا بۆ شارۆچکەی عەنکاوە و یانەی ئەکاد دروست بکات. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو لە نێو ئەم هەموو وەرزشە یاریی بادمنتۆنت هەڵبژارد؟**

-کاتی خۆی کە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی قوتابی بووم، لە نێو وەرزشەکان سەیری هەموو یارییەکانم دەکرد، بەڵام خولیام زۆر بۆ ئەم یارییە چوو، بۆیە لە کیك بۆکسینگ وازمهێنا و هاتمە نێو یاریی بادمنتۆن، بە گرنگیدان بە ئاستی خۆم و بەرەو پێشبردنی تواناکانی خۆم توانیم بگەمە ئەو یارییە.

*** بە گشتی ئاستی یاری بادمنتۆن لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە زۆر لە پاشە و لە ئێستادا هیچ بە باشی نابینم.

*** هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-هۆکاری سەرەکی ئەنجام نەدانی پاڵەوانێتیی زۆر بۆ ئەم یارییە و نەبوونی هاوکارییە بۆ ئەم یارییە. جگە لە یانەی ئەکاد، یانەکانی دیکە بایەخی وایان نەداوەتێ، گەرچی سەرۆکە کوردەکەی ئەم یەکێتییەش هەوڵی زۆر دەدات یارییەکە پێش بخات، بەڵام لە بەغدا ڕێگری لێ دەکرێت.

*** جگە لەوەی باست کرد، گرفتەکانی یاریی بادمنتۆن زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یارییەکانی بادمنتۆن و گرفتی دارایی، نەبوونی هاوکاری مەعنەوی و ماددی بۆ یاریزانان، ئەوانە هەمووی گرفتە لەبەردەم گەشەکردنی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** دەڵێن خۆت و یاریزانان لەسەر گیرفانی خۆتان مەشقەکانتان ئەنجام دەدەن، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

-بەڵێ ڕاستە بەڵام سوپاسی یانەی ئەکادیش دەکەین کە زۆر هاوکارمانن لە دابینکردنی هۆڵ و کارەبا بۆمان.

*** ئایا هیچ مووچەیەکتان لە یانەی ئەکاد نییە؟**

-هەیە بەس زۆر بە کەمی مووچە دابین دەکرێت، من خۆم مووچەیەکی ڕەمزی وەردەگرم، ئەویش دەدەمەوە یاریزانەکانم.

***لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق بەردەوامی؟**

-بەڵێ بەردەوامم لەسەر یاریکردنم بە درێسی ئەم هەڵبژاردەیە.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان لەم یارییە چی بوون؟**

-جگە لەوەی پاڵەوانی عێراقم، چەندین ئەنجامی شایستەم بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی بادمنتۆنی کوردستان دابمەزرێ تۆش یەکێك لە یاریزانانی ئەم هەڵبژاردەیە بیت ؟**

-تاکو ئێستا کار نەکراوە بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردەیە دروست بێت، بەڵام من بەهیوای ئەوەم بتوانین ئەم هەڵبژاردەیە دروست بێت و ئێمەش یەکێك بین لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** بۆچی لە هەولێر ئێوە بەتەنیا ئەم یارییەتان هەیە؟**

-هەرچەندە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتییەکە کاری باشی کردووە، بەڵام جگە لە یانەی ئەکاد هیچ یانەیەکی تر نییە ڕکابەریمان بکات ئەوەش بۆ ئێمە خۆش نییە بەتەنیا یانە بین.

*** قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانتان کردبوو، چی بەسەر هات؟**

- قوتابخانەکەمان بەردەوامە ئێمە ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنان دەکەین بۆ دروستکردنی یاریزانانی بەتوانا بۆ داهاتووەی یانەکەمان.

*** بە چ یاریزانێك زۆر سەرسامی؟**

-بینگام پاڵەوانی چینی لە ئاستی جیهان لەم یارییە.


***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی یارییە جیاوازەکان، بەهیوای ئەوەین بەردەوام بن لە سەر بەسەرکردنەوەی یاریزانەکان بۆ ئەوەی وەکو پشتگیرییەك بۆ یاریزانان ئەوانیش بتوانن زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆیان بکەن.

# میسی و کریستیانۆ گۆڵکەری ساڵن

ڕۆژنامەی ئەلماندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی دووپاتیکردۆتەوە یاریزانی پورتوگالی یانەی شاهانە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ شکستی هێناوە لە ڕەتکردنی ڕکابەرەکەی لیۆنیل میسی ئەرژەنتینی لە ساڵی ٢٠١٥. هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بۆئەوەکردوە ڕۆناڵدۆ نەیتوانیوە ئەو ماوەیەی میسی بەهۆی پێکانەوە دابڕابوو ژمارەی گۆڵەکانی میسی تێپەڕێنێت لەساڵی ٢٠١٥، بەڵکو لەماوەی دوو مانگی پێکانی میسی ڕۆناڵدۆ تەنیا پێنج گۆڵی تۆمار کردوە. هەروەها ڕۆژنامەکە روونیکردۆتەوە میسی لەساڵی تا ئێستا ٤٨ گۆڵی تۆمار کردوە کە یەکسانە بەژمارەی گۆڵەکانی ڕۆناڵدۆ دوای ئەوەی لەیاری بەرامبەر ئیبار گۆلێکی لەلێدانی سزا تۆمار کرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو یاریزانە پورتوگالیە لەباشترین بارودۆخی دانیە. جێگای باسە دوای هەریەك لەمیسی و رۆناڵدۆ یاریزانی پۆلەندی لیۆڤاندۆڤسکی دێت کە ٤٦گۆڵی تۆمار کردوەو نەیمار داسیلڤای بەرازیلی ٤٥گۆڵ و ئۆبامیانگی گابۆنی ٤٤ گۆڵ و هەریەك لە سوارێز و زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ ٤٠ گۆڵ.

جێگای ئاماژە پێکردنە لەساڵی ٢٠١٥ چەند یارییەك ماوە و ئەگەری زۆرە گۆڕانکاری بەسەر ریزبەندی گۆڵکارانی ساڵی ٢٠١٥ بێت .




# درۆگبا ناگەڕێتەوە خولی نایابی ئینگلتەرا




دیدی درۆگبای یاریزانی کۆتدیڤوارو یانەی مۆنتریال ئەمباکتی کەنەدی بەدووری خستەوە جارێکی تر بگەڕێتەوە خولی نایابی ئینگلیزی بۆ تۆپی پێ. لەمیانی لێدوانێکی بۆ تۆری هەواڵی سکای سپۆرت درۆگبا رایگەیاند دەیەوێت بگەڕێتەوە ئینگلتەرا لەپێناو تەنیا رێز لێنان و لەئێستادا پێویستی بە پشوو و چاودێری خێزانەکەی هەیە. هەروەها درۆگبای تەمەن ٣٧ ساڵان لەوەڵامی پرسیاری توانای گەڕانەوە بۆ خولی پریمەرلیگ بەشێوەی خواستن رایگەیاند دوای بەکۆتا هاتنی مۆڵەتەکەم دەگەڕێمەوە مۆنتریال بۆ پێشکەشکردنی وەرزێکی باش. پێویستە بوترێت درۆگبا لەگەڵ مۆنتریال لە خولی کەنەدا لە ١١ یاری ٩ گۆڵی تۆمار کردوە و یاریەکانی خولی کەنەدا لەمانگی ئازاری داهاتوو درێژەی دەبێت و دەست پێ دەکاتەوە، ئەمەش مشت و مڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لەئەگەری گەڕانەوەی درۆگبا لەم ماوە کورتە بۆ ریزەکانی چێڵسی بەتایبەت کاتێ ئەو یاریزانە مێژووکی نایابی لەگەڵ چێڵسی هەیە لەرابردوو. درۆگبا بۆ ماوەی ٩ ساڵ لەریزی یانەی چێڵسی بوو و توانی لەم ماوەیە ١٥٧گۆڵ لە ٣٤١ یاریدا تۆمار بکات و بەیەکێك لەگەورەترین هێرشبەرانی مێژووی تۆپ پێی دادەنرێت و تا ئێستا ٢٥٥ گۆڵی لەسەرجەم پێشبرکێ جیاوازەکان تۆمار کردوە.

# ئەنتوان گریزمان ١٨ خاڵ بۆ یانەکە مسۆگەر دەکات



ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەنتوان گریزمان لەم وەرزەدا توانایەکی بەرز پێشکەش دەکات و گۆڵەکانی ئەو یاریزانە بۆتە هۆکاری ئەوەی ١٨ خاڵ بۆ یانەکەی لەهەردوو خولی ئیسپانیا و چامپیۆنزلیگ مسۆگەر بکات، لەمبارەیەوە رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ئەوە ئاشکراکردووە کە گریزمان لەم وەرزەدا تواناکانی بەرزبۆتەوە و لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ١٠ گۆڵی تۆمار کردووە، رۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گۆڵەکانی ئەم یاریزانە زۆر کاریگەر بووە چونکە ١٨ خاڵی بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید مسۆگەر کردووە : ١٢ خاڵ تایبەتە بەخولی یانەکانی ئیسپانیا، ٦ خاڵیش تایبەتە بەخولی چامپۆنزلیگ .

یاریزان ئەنتوان گریزمان لەیانەی ریال سۆسیداوە هاتە ریزی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و شوێنی خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی راهێنەر دییگۆ سیمیۆنی مسۆگەر کردووە و خودی راهێنەریش متمانەی تەواوی بەم یاریزانە هەیە .

# برایەتی پشت بە یاریزانانی لاو دەبەستێ



بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە وەرزی نوێـی خولـی نایابـی یانەکانـی کوردسـتان کـە بڕیـارە لـە ٢٤ی ئـەم مانگـە یارییەکانـی دەسـتپێبکات، دەسـتەی کارگێـڕی یانـەی وەرزشـی برایەتـی دوای ئـەوەی وەرزی رابـردوو توانـی ئەنجامـی شایسـتە بەدەسـت بهێنێـت، لـەم وەرزەش ئامادەکارییەکانـی بـە سەرپەرشـتی فاتیـح حەمـە خانـی راهێنەری یانەکە دەسـتپێکردووە بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەسـەر بەدەسـتهێنانی ئەنجامی شایسـتە بکات، لە بارەی ئامادەکارییەکانـی یانەکـەش فاتیح حەمە خانی راهێنەری یانـەی برایەتـی بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «ئێمـە ئامادەکارییەکانی خۆمان دەستپێکردووە و بڕیارە لە رۆژانی داهاتـووش کەمپێکـی مەشـقی ئەنجام بدەیـن لە یەکێك لە شـارەکانی کوردستان بۆ ئامادەکاری زیاترمان، ئەمساڵیش جیـاواز لـە سـاڵان ئێمە پشـتمان زیاتر بـە یاریزانانی لاوی یانەکەمـان بەسـتووە لە ریزی دووەمی یانەکەمان سـەرمان خسـتوون بـۆ ئـەوەی بتوانیـن پشـتگیری یاریزانانـی لاو بکەیـن و زیاتـر پەنـا بـۆ یاریزانانـی بیانـی نەبەیـن، جگە لـەوەش گرێبەسـتمان لەگـەڵ ٣ یاریزان کـردووە کە دوویان گۆڵپارێزن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زیاتر لە نۆ یاریزانمان لە ریـزی یانەکەمان دوورخسـتۆتەوە و هەوڵ دەدەین گرفتمان بـۆ درووسـت نەبێـت»، لـە بـارەی گرفتەکانـی یانەکـەش گوتی: «ئەمسـاڵ خۆتان دەزانن گرفتی دارایی سـەرجەم جومگەکانـی گرتۆتـەوە، ئێمـەش لەم گرفتـە بێبەش نین، بۆیـە دەمانەوێ بەم بارودۆخەشـەوە بتوانین ئەنجامی باش بەدەسـت بهێنین، سـاڵ بە سـاڵیش خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەهێز دەبێت» .

# کەرکووک پەشیمان دەبێتەوە..

لەگەڵ ئەوەی یانەی کەرکووك بڕیاری ئەوەی دابوو بەشداری یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردسـتان نەکات، لەم وەرزە کـە بڕیـارە لـە ٢٤ی ئـەم مانگـە یارییەکانـی بـە دوو کۆمەڵە بەڕێوەبچێت، هۆکارەکەشـی بـۆ خراپـی باری دارایـی یانەکان گەڕاندووەتەوە، بەڵام بە هۆی هەڕەشەی یەکێتـیی تۆپی پێی کوردسـتان لـە یانەکانـی بە دابەزینیان بـۆ خولی پلە یەك، بۆیە یانەکان سـەرجەمیان رەزامەندییان نیشـاندا لەخولەکە بەشـداری بکـەن، یانـەی کەرکووکیـش دواجـار بڕیاری بەشـداریکردنی دا. لـە بـارەی بەشـداریکردنی یانەکـەش لـەم وەرزی خولـی نایابـی کوردستان، سیروان نەجمەدین ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی راستی بێت ئێمە ماوەی سێ وەرزە بەدەست گرفتی داراییەوە دەناڵێنین، ئەمساڵیش بەنیازی ئەوە نەبووین بێینە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێـی خولەکـە، بەڵام بۆ ئەوەی وەرزشـکارانی شـاری کەرکووك و یاریزانانـی یانەکەمـان بێبەش نەبن لـە یارییەکانی ئەم وەرزەی



# ٢٤ی ئەم مانگە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستپێدەکات

لەگەڵ ئەوەی سالانە بە زوویی یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکانی نایابی کوردستان دەستی پێدەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی گرفتی دارایی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە و ئەم قەیرانەش هەموو جومگەکانی تووش کردووە، بەڵام دوای چەندین کۆبوونەوەی نێوان یانەکان و یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان دواجار بڕیاردرا لە ٢٤ی ئەم مانگە یارییەکانی وەرزی نوێ دەست پێبکات و یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانیش ئامادەکاری باشی بۆ کردووە. لە بارەی ئەنجامدانی یارییەکانی خولەکە دڵشاد ساڵح ئەندامی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بڕیاری کۆتایی خۆمان داوە بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی یەکێتییەکە کە لە ٢٤و ٢٥ی ئەم مانگە یارییەکانی وەرزی نوێ دەستپێدەکەین، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵان بەهۆی گرفتی دارایی و نەبوونی توانای دارایی باشی یانەکان بڕیاری ئەوەمانداوە یارییەکانی خولەکە بکرێتە دوو کۆمەڵە و لە هەر کۆمەڵەیەك ٦ یانە بەشدار دەبن و یارییەکانی بە دوو قۆناغ بەڕێوە دەچێت»، گوتیشی: «ئێمە وەکو یەکێتییەکە ئامادەکارییەکی باشمان کردووە بۆ ئەوەی یارییەکانی خولەکە بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت و هیچ گرفتێکمان نییە لە ئەنجامدانی خولەکە»، لەبارەی یانەکانیش دڵشاد گوتی: «یانەکان بڕیاری ئەوەیانداوە کەوا بەشداریی خولەکە بکەن و هەر یانەیەك بەشدار نەبێت، دادەبەزێت بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، ئەوەش زیانی زۆری دەبێت بۆ تیپەکان، هەوڵیش دەدەین بە باشترین شێوە یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکە بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێت، لە هەر کۆمەڵەیەکیش ٢ یانە بەسەر دەکەوێت دواتریش دەبێتە ٤ یانە لە چوار گۆشەی زێڕینی خولەکە یاری دەکەن.

## دارەوان قادر بووە راهێنەری یانەکە

خولی نایابی یانەکانی کورستان، بۆیە بڕیاری ئەوەماندا کەوا بەشداربین لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولەکە لەبەر دڵی هاندەران و یاریزانانی شارەکەمان، هەرچەندە هیچ ئامادەکارییەکانمان نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پلانمان دەبێت»، گوتیشی: «ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ بەڵێنێکمان لە هیچ کەسێك وەرنەگرتووە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە کۆبوونەوەکانی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری پێویست بکەین بۆ ئەم دۆخەی یانەی کەرکووك، پارەی گرێبەستی دووساڵی یاریزانانی خۆمان و دوو مووچەی یاریزانانی خۆمان نەداوە،لگەڵ ئەوەشدا بەرنامەیەکی تۆکمە دادەنێین بۆ یانەی وەرزشیی کەرکووك لە خولی نایابی کوردستان، هەر دەستبەرداری ئەنجامی باش نابین و هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی تیپێکی باش و بەهێز دروست بکەین و ئەنجامەکانیشمان بەدڵی هەموو لایەك بێت، یانەکەش بڕیاری داوە کەوا سەرپەرشتی کردنی مەشقی یانەکە بە دارەوان قادر بسپێرێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی یانەکە لە خولی نایابی کوردستان بەرز بکاتەوە.

